www.kurdistannet.org
19-11-2007 22:58:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەوسا و ئێستا

**هاوڕێ باخەوان**
**بانكۆك – تایلاند**
2007-11-06

**بەشی 13یەم**:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| * جاران ڕێکخراوەکانی ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال و هیومان ڕاتیس وۆچ راپۆرتیان لەسەر کارە نامرۆییەکانی داگیرکەرانی کوردستان دەردەکرد. | * ئێستا ئەو ڕێکخراوانە راپۆرتی ئەستوور ئەستوور لەسەر حیزبە کوردییەکان دەردەکەن! بۆ نموونە لە راپۆرتەکانیاندا باسی ئەوە دەکەن کە چۆن ئیسلامییەکان گوێچکە و لووتی کوژراوەکانی یەکێتی دەبڕن.<br>هەروەها چۆن زیندانەکانی ئەو حیزبانە هیچ پەیڕەوی پێوەرە مرۆڤایەتییەکان ناکەن و زیندانی بەخراپترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێت. |
| * جاران لەلای خۆمانەوە جگە لە شەڕی براکوژی و گفتوگۆکان, شتی باشمان زۆر بوو. | * ئێستا ئەگەر شتێکی باشیش هەبێت! خراپەکان ئەوەندە زۆرن دڵیشت بەشتە باشەکان خۆش نییە و هەر باسیشی ناکەیت. |
| • ئەوسا ژنانی کورد, بەتایبەتی ئافرەتانی ماڵەوە و ژنانی گوندەکان جلی کوردییان لەبەردەکرد. | • ئێستا دەتوانیت بڵێیت جلی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو نەماوە. ژن یان ئافرەتی کورد بەگشتی دزداشەی عەرەبیی خەلیجی لەبەردەکەن و سەرپۆشێکی عەرەبیش دەدەن بەسەریاندا. |
| • جاران نەماندەزانی دکتۆری فایلدار هەیە. | • ئێستا ئەو دکتۆرە فایلدارانەی کە ئیمزای راپۆرتی تەمەن گەورەیی زیندانییانیان دەکرد! تاوەکو بڕیاری لەسێدارەدانیان |

| | |
|---|---|
| | بەسەردا پیادەبکرێت! هەر دکتۆرن و چوار چواریش نەخۆش دەکەنە ژوورەوە بۆ پشکنین. |
| • جاران شەڕی براکوژی شەڕەتەقە بوو. | • ئێستا جۆری تری پەیدابووە! لەوانە شەڕی کۆمپانیاکانی کۆرەک و ئاسیا–سێڵ کە هەریەکەیان سەربە پارتێکن. |
| • ئەوسا ئەگەرچی هێڵی تەلەفوونەکان زۆر خراپ بوون! بەڵام دەتتوانی راستەوخۆ لە سلێمانییەوە تەلەفون بۆ هەولێر بکەیت و بەپێچەوانەشەوە. | • ئێستا ئەگەر ئابوونەی یەکێتیت ببێت ناتوانیت تەلەفوون بۆ هەولێر بکەیت! بەڵام بۆ بەغدا ئاساییە! پێچەوانەکەشی کۆپییەکی دیجیتاڵە و راستە. |
| • جاران سەربڕین لە کلتووری ئێمەدا نەبوو. | • ئێستا لە هەولێر شێخ زاناکان گۆشاوگۆش مرۆڤ سەردەبڕن. ئاخۆ ئێستا چەند شێخ زانای تر لە سەنگەردا خۆیی گرتبێت و ئێمە پێیان نازانین. |
| • جاران خوێنەرمان زۆرتر بوون. بەڕادەیەک کاتی خۆی رۆژنامەیەکی هەفتانە و دوو تا سێ مانگەنامەی وەک بەیان و کاروان دەردەچوون هەموویانمان دەخوێندنەوە و زۆریش تامەزۆری دەرچوونی ژمارە نوێیەکانیانمان دەکرد. | • ئێستا لەباتی رۆژنامەیەک دەیان و لەباتی هەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە بەسەدان! کەچی خوێنەرمان وەکو جاران نییە! ئەگەرچی دەبووایە بەپێچەوانەوە بووایە!. |
| • جاران سەددام بهاتایە بۆنموونە بۆ سلێمانی! ئەوا تەنها جادەی سالم دەگیرا!. | • ئێستا ئەگەر سەرۆکێکی لەمانەی خۆمان هاتووچۆ بکات ئەوا جادەی نێوان دوو شاریان بۆ دەگیرێت و خەڵکیش بابۆخۆی لە ئاپۆڕای کۆڵانە تەسک و قوڕاوییەکاندا با گیربخۆن!. گرنگ ئەوەیە سەرۆک شکۆدار و سلامەت بێت. مێگەلیش گرنگ نییە!... |

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-11-2007 22:58:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەوسا: واتا (بەری, پێشی, بەرلەئێستا, جاران, کاتی خۆی و هتد.. بەلاّم من لێرەدا مەبەستم لە ئەوسا کاتی پێش ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستانە, (سەردەمی داگیرکەری عەرەبی ئێڕاقی).

ئێستا: واتا (هەنووکە, هەنکە, لەم کاتەدا و هتد.. بەلاّم من لێرەدا مەبەستم لە ئێستا کاتی دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستانە تاوەکو ئێستا, (سەردەمی فەرمانڕەوایی کورد).

تێبینی: هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی ئازادە لە بلاّوکردنەوەی ئەم زنجیرە بەراودکارییە تێکەلّوپێکەلّە.

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com